The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

# ناوەندی چاك هێشتنەوەی 300 تەرمی قوربانیانی ئەنفال لە فرگەی نێودەوڵەتی هەولێر به تاوان دەزانێت

**جەماوەری كوردستان**

**كەس و كاری قوربانیان**

به داخەوە دەستپێكی ڕاپەڕینە پڕ شكۆكەی گەلەكەمان به سازش لەسەر مافەكانی كەس و كاری قوربانیان دەستی پێكرد , كاتێك له تاوانكارانی پشكدار له پرۆسەی ئەنفال خۆش بوون , به بڕیارێكی ناشەرعی بەرەی كوردستانی , لەوساوە بۆ ئێستا تەمەنێكه , دەسەڵاتی كوردی زۆر بەدگمەن نەبێت وەڵامی پێداویستی و داخوازەكانی كەس و كاری قوربانیانی نەداوەتەوە , تاوانكاران ئازاد و دەسەڵاتدار بوونە , برینداران بەدەم ئازاری برینەكانیانەوە تلاونەتەوە , بەجێماوانی كارەساتەكان له برسان و له ترسان ژیانیان بردۆتە سەر , له سەروی هەموو ئەوانەشەوە گەورەترین تاوان له هەمبەریان گرنگی نەدان بووە به پرۆسەی دادگاییەكە و ڕازی بوون بووە به دادگاییەكی عێراقی و عەرەبی و دادگاییكردنی تاوانكاران وەك كەس نەك وەك دەوڵەت و سستەم .

نەهێنانەوەی تەرمی قوربانیان بێدەربەستییەكی دیكەیە له هەمبەر قوربانیان دەكرێت , هەرچەندە ئێمە بۆ به دۆكۆمێنتكردنی تاوانەكان , پشكنینی ئێسك و پروسكانیان له لایەن تیمە نێودەوڵەتییەكان به پێویست دەزانین , وەلێ دەكرا لەو ئاستەیا هەنگاو بنرایا , پێمانوابوو هێنانەوەی تەرمی بارزانییە خۆشەویستەكانمان سەرەتایەكە بۆ هێنانەوەی سەرجەم ئێسك و پروسكانیان ناشتنیان لە گۆڕستانێكی بە كۆمەڵ لە چەقی قورسایی تاوانی ئەنفالەكاندا , هەر وەكو چۆن بارزانییەكان به مەراسیمی گەورە و ڕێز و ستایشەوە بردرانەوە بۆ دوا مەنزڵگای خۆیان له بارزان .

كەچی مخابن ڕۆژ له دوای ڕۆژ لەم وڵاتە هەواڵی پڕ له شەرم و تاوان بڵاو دەبێتەوە له پەیوەست به قوربانیان , ئێستاش دەركەوتووە لە 2007/4/20 نزیك به 300 تەرمی ئەنفالكراوەكانی حەزەر لە كۆگاكانی فرگەی هەولێر لەناو كیس هەڵگیراون , له چاوەڕوانی ئەوەدان دەسەڵاتی كوردی سەرمایەگوزاری سیاسیان پێوە بكات , بەوەی مۆنمێنتێك بۆ ئەنفالكراوەكان له هەولێر دروست بكەن دوور له چەقی قورسایی تاوانی ئەنفال .

ئێمه پێمان وایه ئەمه جیاکارییەکی ئاشکرایه تەنانەت له هەمبەر تەرمی قوربانیانیش ئەنجامدەدرێت , به ڕاشکاوی ڕایدەگەیەنیین له هەمبەر ئەم تاوانه بێدەنگ نابین و له قاوی دەدەین .

هاوکات جارێکی دیکەش داواکارین :

- مۆنمێنتی ئەنفال پێویسته له چەقی قورسایی کارەساتەکان دروستبکرێت , که ئەویش دەڤەری کەرکووکه .
- ئەو زەوییەی بۆیان تەرخاندەکرێت , له لایەن کۆنه ئەنفالچی و جاشەکانەوه نەبەخشرا بێت .
- مەراسیمی به خاك سپاردنی ئەم ئەنفالکراوانه پێویسته له ئاستی مەراسیمی بەخاکسپاردنی بارزانییه ئەنفالکراوه خۆشەویستەکانمان بێت . نابێت جیاوازی له نێوان ڕوفاتی قوربانیان بکرێت , هەموویان دهبێت به یەك چاو مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت , له ماف و هێنانەوەو ناشتندا ، ناوەندی دژ بەهەر جیاکارییەك دەوەستێتەوه له نێوان قوربانیان .
- لێپێچینەوه لەگەڵ ئەو بەرپرسانەدا بکرێت که به بێدەربەستییەوه ئەو تەرمانەیان بەو شێوەیه ئەم ماوەیه لەو جێگەیه هێشتۆتەوه .
- وەڵام به داواکاری کەس و کاری ئەو قوربانیانه بدرێتەوه , له پەیوەست به وەرگرتنەوەی ڕوفاتەکان , که هەموویان ناسراون بۆ کەس و کارەکانیان .
- پێویسته به فەرمی دەسەڵاتی کوردی داوای لێبوردن له کەس و کاری ئەو قوربانیانه و هەموو قوربانیان بکرێت .

**ناوەندی چاك**

**2007-6-15**